# بۆچی بکوژانی ئافرەتـــان دەستگیـــر ناکرێـــن؟

## موقەدەم مستەفا "داوا کاری مافی کەسێتی کەمتەرخەمە لە مەسەلەکانی پەیوەست بە ژنانەوە"



"رێنمـــایی هەیـــە بـــۆ هـــەموو بنکەکانی پۆلیس، لەهەر هەواڵێکی کوشـــتن یـــا مردنـــی گومانـــاوی ئاگـــاداربکرێن لێکۆڵینـــەوە دەســـت پێبکەنو ئیجرائات وەربگرن".

ئەو ووشانەی سەرەوە قسەی لیوا رزگـــاری بەڕێوەبـــەری گشـــتی پۆلیســـی ســـلێمانیە، کـــە لەچاوپێکەوتنێکیدا بۆ رۆژنامـەی (رێـــوان)ی ژمـــارە ١١٣ رۆژی شەممە ١ کانونی یەکەمی (٢٠٠٥) بـڵاو بۆتـەوە، ئەگـەرچی بە پێی قسـەکانی ئـەو رێنماییـەك هەیە بۆ ئـەوەی بـەدواداچونی ورد دەربـارەی مەسـەلەی کوشـتن بکرێـت، بـەڵام بڵاوبونـەوەی هـەواڵی کوشـتنەکان بەتایبـەت کوشـتنەکانی ژنـانو دەسـتگیرنەکردنی بکوژەکانیان ئـەوە دەسـەلمێنێ کـە لەسـەر زەمینـەی راسـتی رووداوەکـان ئاقـارێکی تـر وەردەگرن.

موقـەدەم مسـتەفا رەسـول ئەفسەری بنکەی پۆلیسی رانیەیە دەڵێـت " لـە زۆربـەی کوشـتنەکاندا سکاڵاکار نیە، چونکە دەترسن، یان بـاری کۆمەڵایـەتی وا دەکـات بیشـارنەوە،بـەڵام ئێمـە دەتوانیـن ئاسایشی کەسێك بپارێزین کە بیەوێت بەنهێنی شایەتی بدات یان خەبەرمان بداتێ".

ئەو دەیەوێت ئاماژە بەوە بدات کە ئـەوان بـەدواداچون دەکـەن بـەڵام رێگریشـیان هەیـە" ئامینـە رەسـول ساڵێك لەمەوبەر لەماڵەکەی خۆیدا بەچـەقۆو شوشـە سـەربردرا، ئێمـە گومانلێکراوێکمان دەستگیر کرد"، بە پێی قسـەکانی ئـەو گومانلێکراوەکە دانی بە تاوانەکەیدا نەناوە تا دواجار بەڵگەی لەسەر کۆکراوەتەوەو شایەتی لەسـەر دراوە ئینجـا سـزای بەسـەردا دراوە.

" یـەك سـەیارەمان هەیـە کامێرایـەکمان نیـە، تۆمـاری پـێ بکـەین گـەر سـەیارە کـە بـەکار دەربچێـتو هاوکـات ١٠٠ مەتـر لـەولای بنکەکەمـەوە حادیسـە یـەك رووبـدات مـن نـاتوانم بچـم". ئـەوە قسـەی عەقیـد عەبـدوڵا بەرپرسـی بنکەی پۆلیسی (کێوەرەش)ی رانیە بـوو ،ئـەو بـاس لـە کێشـەی زۆری ناوچەکـەو موعانـاتی خۆشـیان دەکـات، وەك نـەبونی سـکاڵاکار ئـەوە سـەرەرای نـەبونی پێداویسـتیەکانی بنکەکە. لە سنوری بنکەکەی ئەوداو لـەکۆتایی سـاڵی ٢٠٠٦ دا ژنێـك کوژرا بەناوی ئامینە کە تا ئێستا تاوانبـار دەسـتگیر نـەکراوە، " ئێمـە نزیکـەی ٦ سـەعات دوای روداوەکـە گەیشتینە سەر تەرمەکە، کە فڕێدرا بـوو چەنـد فیشـەکێکی پێـوە بـوو بەفـەرمانی حـاکم هاوسـەرەکەیمان دەسـتگیرکرد کـە دواتـر ئـازاد کـرا، چونکە ئاگاداری مەسەلەکە نەبوو، لەوانەیـە فایلەکـەی دابخرێـت لەبـەر ئەوەی سکاڵاکار نیە".

بە پێی قسـەکانی نـاوبراو ئـەو رێگریانـەی هەمیشە دوبارە دەبنـەوە وایکرد کەسێك بە تۆمـەتی کوشتنی ئامینـە دەسـتگیر نـەکرێت و وەك هەمیشـە لەبـەر نـەبونی سـکاڵاکار فایلەکەی دادەخرێت، کەئەوەش خۆی لـە خۆیـدا هانـدەرێکی سـەرەکی نەترسـانی تاوانبارانـە لـە سـزای یاسا،هـەروەها بـاس لـەوە دەکـات کـە سروشـتی ناوچەکـەو شـێوەی دابو نەریت وای کردووە کە ئەو کەسانەی خۆیـان بـەخاوەن دەسـەڵات دەزانـن لەناوچەکـە موداخەلـەی کێشـەکان بکەن .

موقـەدەم مستەفای ئەفسـەری بنکەی پۆلیسی رانیە لەقسەکانیدا، جـەخت لـەوە دەکاتـەوە کەمەلـەفی کوشـتنەکان بەشـێوەیەکی کـاتی دادەخرێت تـا زانیاری نوێ بەدەست دەکـەونو یەکـەمین شـوێن کـە تـەرمو برینـــداری پێـــدەگات نەخۆشـخانەیە".عەقیـد عەبـدوڵاش یەکێك لەڕێگریەکانی کارەکانی باس دەکـــات وەك کـــەموکوڕی لەپێداویسـتیەکانی بـەدواداچوونی تاوان بۆ نمونە کەشف کردنی جۆری چەكو یان شوێن تایە... "لەحاڵـەتی ئامینـە هیچ کەسێك سکاڵاکار نیە ئیتر ئیجرائات لەگـەڵ کێ بکـەین".

ئەو وەك هاوڵاتیەکی ناوچەکەو پاش ئـەزمونی لەکارەکەیـدا سـەبارەت بەکوشتنی ژنان دەڵێت "کەسو خزم قەرار دەکەن یان یەکێکیان دەیکوژێ یـان کەسێ بـەپارە بۆیـان دەکوژێتو هـەر هـەمووش هـەوڵی شـاردنەوەی مەسـەلەکە دەدەن بەهـەر شـێوەیەك بێـت".هـەر لەسـنوری بنکـەی کێوەرەشدا و لـەکۆتایی سـاڵی ٢٠٠٦ دا ژنێـك بـەناوی شـەهێن خـۆی کوشـتوەو عەقیـد عەبـدولا دەڵێـت "بەڵێ ئەو ژنە هاوسەرەکەی پۆلیسە خـۆی لـەژورەوە خـۆی کوشـتبو و مەلەفەکەیمان ناردە بنکەی پۆلیسی رانیەو ئەوان کاری بۆ دەکەن".

ئەفسـەرەکەی بنکـەی کێـوەرەش سـەبارەت بەکێشـەکانی ژنـان لەسنورەکە، بەنیگەرانیەوە باس لـەوە دەکـات کـە خیانـەی زەوجـی بڵاوبۆتەوەو هۆکاری سەرەکی ئەوەش بەناهوشـیاریو بنـەما هەڵـەکانی لەیەك مارەکردنی کورو کچ لەقەڵەم دەدات.

"ئامـارێکی ئـەوتۆمان لەبەردەسـتدانیە، چونکـە ئێمـە لەحاڵەتێکدا گـەر پیاوەکـە سـکاڵا لەسـەر ژنەکـەی تۆمـار بکـات، یـان بەپێچەوانـەوە ئـەوا کێشـەکە دەگاتـە لای ئێمە و ئیجرائاتی بۆ دەکەین". ئەو باس لـەوە دەکـات لـەو سنورە مەسـەلەی بەدرەوشـتیش پـەرەی سەندووەو هیچ رێنماییەکیان نیە بۆ دەسـتگیرکردنی گومـان لێکـراوان "تـەنها رینمـایی دەسـتگیرکردنی عـەرەبو ئێرانیمان هەیە، ئەوەش بۆ بـەرگرتن لەبڵاوبونـەوەی نەخۆشیەکان".

عەقید عەبدولا دەڵێت"گەنجەکان کـە دەچنـە دەرەوەی شـار بـەنهێنی، هـەر کـچو کورێـك ببینرێـن بەدڵنیاییەوە دەکوژرێن".

بە پێی قسـەکانی ئـەو سروشتی ناوچەکەش وایکردوە گەر شوێنێکی ئاشکراش هـەبێت بۆ نمونـە یانـە یا سـەنتەرێك بـۆ ئـەوەی گەنجـەکان یەکتری تێدا ببینن ئەوەش کارەساتی لێدەکەوێتەوە.

موقـەدەم مسـتەفا بـاس لـە لایـەنێکی تـری کێشـەکانی ئافرەتـان دەکـات و دەڵێـت " ئـەو ژنانـەی دەسوتێن دەچنـە نەخۆشـخانەو لـەوێ ئیفادەیان لێ وەردەگیرێت ساڵی پار تـەنها لەسـنوری بنکەکەمـدا ٤ژن خۆیـان سـوتاندوەو حاڵەتیشمان هەیـە بـە هـۆی زۆری سـوتاویەکەی نـاتوانێ ئیفـادە بـداتو فایلەکـەی دادەخرێت". بەپێی قسەکانی ناوبراو نەخۆشخانەی رانیە ئەو شوێنەیە کە سەرجەمی حاڵەتـەکانی بۆ دەچێتو بـەو پـێ یـەش دەبێـت هـەموو پێداویستی یەکانو کەسانی پسپۆری بـۆ دابیـن بکرێـت" کـە ئیفـادەی سەرەمەرگ لە کچەکە وەرنەگیرا لـە نەخۆشـخانە ئیـدی هیچـی ئـەوتۆی بـۆ ناکرێتو کـەسو کـاریش دەوری سـەرەکیان هەیـە لـە شـاردنەوەی وردەکاریـەکانی روداوەکـەو دەمەوێت ئـەوەش بڵێم کـە داوا کـاری مـافی کەسـێتی کەمتـەر خەمـە لـە مەسـەلەکانی پەیوەست بە ژنانـەوە". هەروەها دەڵێت" حاڵەتمات هەیە لەبەر نـەبونی شایەد بەتایبەت لە حاڵـەتی سـوتاندنو وەرنـەگرتنی ئیفـادەی سـەرەمەرگ کێشـەکە دادەخرێـت و ناهۆشـیاری و زاڵ بونـی مەسـەلە عەشـاریەکان وادەکـەن کێشـەکە بەشاردراوەیی بمێنێتەوەو لە کۆتاییدا بەبەرژەوەندی دواکەوتویی‌و بنەماڵەدا بشکێتەوە" .

ئـەوە پـێی وایـە مەسـەلەیەکی هەستیار هەیە بۆ نمونە لـە حاڵـەتی خۆسوتاندنێکدا یەکێك لە کەسوکاری کچەکـە دەسـتگیر دەکرێـت هەرهـەموویان سوێند دەخۆنو دەست دەدەن بە قورئاندا، لە بەردەم حاکم کە هیچ کێشەیەکی نـەبوەو هـەروا خۆی سـوتاندوەو فایلەکـە دادەخرێت، بـەڵام دواجار ئـەو دەپرسێت"ژنێك هەیە بە بێ هۆ خۆی بسوتێنێت!؟"

موقەدەم عەبدولا ئاماژەی بەوەدا ئەگـەرچی کەسـانی دەستڕۆیشتوی ناوچەکـە بیانـەوێت موداخەلـەی کێشـەکان بکـەن، ئـەمان رێگـەیان نادەن، بەڵام کارەکە هەروا ئاسان نیە "لەحاڵەتی ئامینە گومانلێکراوێکمان دەسـتگیرکرد خـەڵکێکی زۆر لەبـەرپرسو عەشـایەر تەلـەفونیان دەکردو کاریان بۆ کرد تا ئازادکرا، تەنانەت فشاریان خستە سەر حاکم".

عەقید عەبدوڵا لەدوا وتەکانیدا دەڵێت " گەر ئێمە بەگومان کەسێك دەستگیر بکەین بۆ لێکۆڵینەوە دور نیـە دوچـاری کێشـەی عەشـایەری ببینـەوە" هـەروەها دەڵێت "کارنـەکردن بـۆ مـافی گشـتی بـرەو بـەتاوان دەدات، پێشـتر ئـەو مەسـەلەیە هەبـو کە ئەگـەر کەسێك بـۆ نمونە چەقۆ لەکەسێکی تر بداتو ئەو کەسە لێی خۆش بێت، ئەوا وەك مـافی گشـتی سزا دەدرا، بـەڵام ئێسـتا هـەر لـەناو خۆدا سوڵح دەکەنو دەیشارنەوە".

**ئا/ هانا شوان**

# پۆلیـــسەکانی نەخۆشخـــانەی رانیە لەســـــەر خەرجـــی خۆیـــان دەوام دەکـــەنو ئەرشیفیشیـــان نیـــە.....

بنکەی پۆلیسی نەخۆشخانەی رانیە یەکێکـە لـەو شـوێنە ئێجگـار هەسـتیارانەی کـە سـەرجەم ئـەو ژنانەی خۆیان دەسوتێنن یان بریندار دەکرێن یان هـەوڵی خۆکوشتن دەدەن دەبرێنە ئەوێو لەلایەن پۆلیسەکانی ئـەو بنکەیـەوە لێکۆڵینـەوەیان لەگـەڵ دەکرێـت. عـەلی حەمـەد شـێخە مفـەوەزی لێکۆڵینەوەیە لـەو بنکەیەو لـەژوورە بچوکەکەیانـدا سـەرقاڵی هەنـدێك لاپـەڕە بـوو، سـەبارەت بەخۆسوتاندنی ژنان وتـی "حاڵەتێك کە دێتە لامان لێی دەپرسین ناوت، شـوێنی نیشـتەجێ بونـت، بۆچـی سـوتاوی زۆربەشـیان لەترسـی کەسوکار ناوێرن قسە بکەن ".

ئەو ئاماژەی بەوەدا کە ئاماری ژنە سوتاوەکانیان لا نیە، چونکە تۆماری ناکـەنو بـەپێی ئامـارە بەراییـەکانی رێـوان تـەنها لـەماوەی مـانگی ١/ ٢٠٠٧ دا زیـاد لـە ٦ ژن لەرانیـەو دەوروبەرەی خۆیان سوتاندووەو جگـە لەداستان* کەسی تریان دانیان بەوەدا نـەناوە کـە خۆیـان سـوتاندوە ، نـاوبراو دەڵێـت "حاڵـەتێك زۆر کـاری تێکـردم ژنێك خۆی بریندار کردبوو، چونکـە هاوسـەرەکەی بـەردەوام ئیهانـەی دەکـردو دەیـوت ژنێکـی تـر دێنـم". سـەبارەت بـەگرنگی وەرگرتـنی ئیفادەی سەرەمەرگ مفەوەز عـەلی وتـی "هـەموو جارێـك خۆمـان وەریدەگرینو حـاکم نایـەت بـۆ ئـەو کارە". هەروەها ئاماژە بەوە دەدات کە حاڵـــەتی ترســـناك هەیـــە لەسـەرمەرگدایەو دەینێرنـە سلێمانی لەڕێگە کەسوکاری لەگەڵەو ئەوەش وا دەکـات لەوانەیـە هەڕەشـەی لـێ بکەن و ئیفادەی پێبگۆڕن.

شـاخەوان جەوهـەر کـە هـەمان کـار دەکـات وتـی "حاڵـەتێکمان بـۆ هـات ساڵی ٢٠٠٦ هاوسەرەکەی لەسەربان فڕێـدابووە خـوارەوەو دەسـتێکی شکابوو و باری تەندروستی خراپ بوو، کە ئیفادەیم وەرگرت دانی بەوەدا نـا کـە هاوسـەرەکەی هـەوڵی داوە بیکوژێت".

مولازمـی یکـەم محەمـەد رەسـوڵ شـێخە جێگـری بەرپرسـی بنکـەی پۆلیسـی نەخۆشـخانە، دەڵێـت "کۆمـەڵێك پێداویستیمان دەوێت کـە زۆر گرنـگو سـەرەتایین کارمەندەکانمان پێویستیان بەڕێنمایی بـەردەوام هەیـە ، ئـەوان دوای دەوام هـەر رۆژەی دوانیـان خەفـەر دەبن،لەسەر خەرجی خۆیان دێنەوە کە بەپێچەوانـەوە دەبێـت بـەردەوام هـان بـدرێن". مـولازم محەمـەد دەڵێـت "یەکێك لەکێشەکانمان نەبونی شوێنی تایبەتـە بـەو تاوانبارانـەی دەیانهێننـە نەخۆشـخانە. چەنـد حاڵـەتێکی راکردنمـان هـەبووە تاوانبارەکـە رادەکـاتو خـۆی حەشـار دەدات تـا سوڵحی بۆ دەکەنو دەرباز دەبێت".

دەربـارەی نـەبونی ئەرشیفێك لـەو نەخۆشخانەیەو نەبونی هیچ تۆمارێك هـەروەها کۆمـەڵێك پێداویسـتی سـەرەتایی وەك کـامێراو تەسـجیل و کمپیوتـرو .....کـە دەبێـت لـە دەزگایـەکی هەسـتیاری وەك بنکـەی پۆلیسی نەخۆشخانە، کە مامەڵە لە گەڵ جەستەو رۆحی مرۆڤدا دەکەن بونـی هـەبێت دەڵێـت "لەنەخۆشـخانە پێشـکەوتووەکان سـاڵ بەسـاڵ ئـەو کێشانەی دێتە لایان تۆماری دەکەن، بـەڵام ئێمـە ئەرشـیفمان نیـە، چونکـە پێداویستیمان نیە".

---

*داستان ئەو کچە بوو کە لە سـەرەتای ئـەم سـاڵدا لـە پەیمانگـەی مامۆستایانی رانیە بە هۆی کێشەیەکی کۆمـەڵایەتیـەوە خـۆی سـوتاند ولـە ئیفادەکەیدا هۆکارەکانی باس کردوەو دواتر گیانی لە دەستداوە.